Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.3.3

OPEN ACCESS

*Corresponding author

Delzar Salih Sadiq

dlzar.sadiq@su.edu.krd

RECEIVED :20 /09/2024

ACCEPTED :22/11/ 2024

PUBLISHED :15/06/ 2025

وشه سەرەکییەکان:

دەوڵەتی سەفەوی،

دەرباری شا،

ململانێ،

تورک،

فارس.

# ململانێی نەتەوەیی لەسەر دەسەڵات دەرباری سەفەوی (1501 – 1722)

**دلزار صالح صادق** /بەشی مێژوو، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق


## پوختە

وڵاتی ئێران لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی (1501 – 1722) ، کە دەوڵەتێکی سەربازی شیعە مەزهەبی توندڕەو بوو، ململانێیەکی توندی نەتەوەیی لەسەر دەسەڵآت بەخۆوە بینی، بەتایبەتی لەنێوان ئەو نەتەوانەی کە لە دامەزراندنی دەوڵەتەکەیاندا پشتیوانی بنەماڵەی سەفەوییەکانیان کرد، ئەگەرچی پێکهاتەی دەوڵەتی سەفەوی کۆمەڵێک ئایین و ئاینزای جیاوازی وەک (موسڵمان، کریستیان، جولەکە و زەردەشتی)، لەڕووی نەتەوەییشەوە (کورد، فارس، تورک، عەرەب) و چەند نەتەوەیەکی دیکەی لەخۆ گرتبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ململانێیەکان زیاتر لەنێوان (فارس و تورک)ەکان ڕوویدا، چونکە هەر یەکێک لەوانە خۆی بەشیاوتر و شایستەتر دەبینی لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا، ئەو ململانێیەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی (تورک/ قزلباش)ەکان کە بە (پیاوانی شمشێر) ناسرابوون، پێیان وا بوو ئەوان بوون، کە ڕۆڵی سەرەکییان بینی لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی، بۆیە پێویستە سەرجەم جومگە هەستیارەکانی ئەو دەوڵەتە وەک پاداشتێک بۆ قوربانییەکانیان لە دەستی ئەوان دابێت.

ئەگەرچی لە سەرەتا شا ئیسمایلی یەکەم (1501 – 1524) دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەوی، زۆربەی پێگە و پایە هەستیارەکانی دەوڵەتەکەی بە ئەوان سپارد، بەڵام بەهۆی فروانبوونی دەسەڵاتی تورکەکان هەستی بە مەترسی کرد لەسەر ئایندەی فەرمانڕەواییکردنی ئێران لەناو بنەماڵەکەیاندا، بۆیە هەوڵیدا هاوسەنگی هێز ڕابگرێت، بەمەش بەشیک لە پۆستە هەستیارەکانی دا بە فارسەکان، کە (تاجیک)یان پێ دەگوتراو بە(پیاونی قەڵەم) ناسرابوون. هەرچەندە لەدوای نەمانی شا ئیسماعیلی یەکەم زۆربەی شایەکانی دیکەی سەفەوی لەسەر هەمان ڕێباز ڕۆیشتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی فەرمانڕەوایی هیچ یەکێک لە شایەکان بە بێ کێشە و ململانێی نێوان فارس و تورکەکان کۆتایی پێ نەهات، بەجۆرێک ئەو ململانێیە گەیشتبووە نێو دەرباری سەفەوی، سەرباری ئەوەی هەریەکێک لەو دوو نەتەوەیە دوژمنی سەرسەختی یەکتری بوون، هاوکات هەریەک لەوان لەلای خۆیەوە بەتوندی پشتیوانیان لە یەکێک لە شازادەکانی ئەو بنەماڵەیە دەکرد بۆ بردنە سەر تەختی دەسەڵات، ئەو ململانێیەش ڕەنگدانەوەی بەسەر سەرجەم جومگەکانی ئەو وڵاتە دروست کرد، کە ئەمەش لەکۆتاییدا ئەو دەوڵەتەی بەرەو لاوازی بردو سەرەنجام لەساڵی 1722 بەیەکجاری ڕووخاو لەناوچوو.


**About the Journal**

Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1-پێشەکی

هێنانە پێشەوەی نەتەوەی فارس بۆ ناو دامەزراوەی سیاسی و کارگێڕی دەوڵەتی سەفەوی، نارەزایی توندی تورکە قزلباشەکانی لێ کەوتەوە، چونکە ئەوان پێیان وابوو، بە جێگیربوونی دەسەڵاتی فارسەکان لەنێو پایەکانی دەوڵەتداری و حوکمڕانیدا، چیدیکە دەوڵەتی سەفەوی کاری بە ئەوان نامێنێت و بەرەبەرە شایەکانی سەفەوی ئەوان لە پایەکانی دەسەڵات دوور دەخەنەوە و کاروباری کارگێڕی و بەڕێوەبردنی حکومەت ڕادەستی فارسەکان دەکەن، بەمەش ئەمەیان بە هەڕەشە و مەترسی لەسەر ئایندەی پێگەی سیاسی خۆیان دەبینی، بەئاسانی بوونی فارسەکانیان لەنێو کایەکانی دەوڵەت پێ قبوڵ نەدەکرا، بۆیە بەتوندی دژایەتیان دەکردن.

شا ئیسماعیلی یەکەم (1501 – 1524) لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکەی پۆستە کارگێڕییەکانی دابەشی سەر فارسەکان کردبوو، پۆستە سەربازییەکانیشی دابوو بە قزلباشەکان، بۆیە ئەو دوو نەتەوەیە لە سەرەتادا بە شێوەیەکی نهێنی ململانێی یەکتریان دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی شا ئیسماعیل پۆستە سەربازییەکانی لە تورکەکان وەرگرتەوە و دای بە فارسەکان، ململانێیەکانی نێوان ئەو دوو نەتەوەیەش تەقییەوە و شێوازێکی ئاشکرای بەخۆوە بینی، تا ڕووخانی دەوڵەتی سەفەوی لەساڵی 1722 بەردەوام بوو. بەجۆرێک لەو ماوەیەدا قزلباشەکان چەندین کەسایەتی دیاری فارسەکانیان کوشت، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو کینەیەی کە تورکەکان نەتەوەی فارس هەیانبوو، چونکە فارسەکان خۆیان بەشارستانی بە چاوی ناشارستانی و سووک سەیری تورکەکانیان دەکرد، هەر ئەمەش ڕقی تورکەکانی بەرانبەریان زیاتر کرد.

شا عەبباسی یەکەم لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا هەوڵیدا پشت بە هێزی سێیەم ببەستێت، ئەویش بە هێنانی نەتەوەی گورجی و ئەرمەنەکان و دامەزراندنی سوپایەکی نوێ بۆیان لەژێر فەرماندەیی خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ململانێیەکان لەنێوان ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتە هەر بەردەوامی هەبوو، تەنانەت هەندێک لە شایەکانی کە لەدوای مردنی شا عەبباس دەسەڵاتیان گرتەدەست، بۆ کۆتایی هێنان بە هەژموونی قزلباشەکان لەسەر دەوڵەتەکەیان زۆر بەتوندی کەوتنە سەرکوتکردنی قزلباشەکان، ئەمەش وای کرد دەوڵەتی سەفەوی لە کۆتایی تەمەنیدا بەهۆی مەترسی بەهێزبوونی پێگەی قزلباشەکان بەتەواوی لایەنی سەربازی پشتگوێ خست، تا سەرەنجام لساڵی 1722 لەلایەن ئەفغانییەکانەوە هێرش کرایە سەر وڵاتەکەیان و کۆتاییان بە ماوەی فەرمانڕەوایی سەفەوییەکان هێنا، کە زیاتر لە دوو سەدە بوو، فەرمانڕەوایی ئێرانیان دەکرد. ئامانجی سەرەکی لەو توێژینەوەیەدا خستنەڕووی ململانێیەکانی ناو دەوڵەتی سەفەوییە، کە لەنێوان هەردوو ڕەگەزی تورک و فارسدا هەبوو.

ئامانجی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە بەدیارخستنی ململانێی نەتەوەییە دەرباری سەفەوی لەنێوان هەردوو نەتەوەی (تورک و فارس)، هەروەها لە هەلومەرج و بارودۆخی ئەو ململانێیە نەتەوەییەش بکۆڵێتەوە. سەرباری دیاریکردنی کاریگەری ململانێی نەتەوەیی لەسەر بارودۆخی سیاسی وڵاتی ئێران بەگشتی و سەفەوی بەتایبەتی، چونکە ڕکابەرییە نەتەوەییەکانی نێوان تورک و فارسەکان لەسەر دەسەڵات کاریگەری نەرێنی بەسەر کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی و سەفەوی بەتایبەتی هەبوو، هەروەها توێژینەوەکە لەو گریمانەیەش دەکۆڵێتەوە، کە ئایا ململانێیەکانی نێوان تورک و فارسەکان کاریگەری لەسەر ڕەوشی سیاسی وڵاتی ئێران هەبووە یاخود نا؟

لەم توێژینەوەیەدا لە چوارچێوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووییدا، هەردوو شێوازی پێکهاتەیی (ترکیبی) و شیکاری (تحليلي) پەیڕەو کراوە. چونکە بۆ وێناکردنەوەی ململانیی نەتەوەیی لە دەرباری سەفەوی لە ماوەی ساڵانی (1501 – 1722)، پێویست بەوە دەکات، زانیارییە مێژووییەکان کۆبکرێنەوە و لێک بدرێن. تا خەمڵان و پێکهاتنی ململانێیەکانی ئەو ماوەیە ڕوون بکرێتەوە. دواتریش لەڕێگەی شرۆڤەکردن و شیکارییەوە ڕەوت و ئاڕاستە و کاریگەریی ململانێیەکە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ئێران دیار بکرێت.

ئەو توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی پێک دێت، کە دابەشی سەر سێ قۆناغ کراوە، بەجۆرێک لە تەوەری یەکەم باس لە ململانێیەکانی ساڵانی (1501 – 1576) دەکات، هەروەها لە تەوەری دووەمیش باس لە قۆناغی دووەمی

ململانێیە سیاسی و سەربازییەکانی نێوان تورک و فارسەکان دەکات، ئەو تەوەرە بەچوونە سەر دەسەڵاتی شا ئیسماعیلی دووەم دەست پێ دەکات و بە مردنی شا عەبباس لە ساڵی 1629 کۆتایی دێت، هەروەها تەوەری سێیەمیش کە کۆتا تەوەری ئەو توێژینەوەیە بە سەرهەڵدانەوەی ململانێ لەدوای مردنی شا عەبباس دەست پێ دەکات و بە ڕووخانی دەوڵەتی سەفەوی کۆتایی دێت.

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە پشت بە کۆمەڵێک سەرچاوەی جیاواز بە زمانی جیاواز بەستراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سوود لە سەرچاوە بە زمانی (فارسی) وەرگیراوە، چونکە ئەو توێژینەوەیە بەگشتی لە بارەی مێژووی ئێرانە، سەرباری ئەوەی ڕووداوەکانی ناو ئەو توێژینەوەیە زیاتر لە سەرچاوە فارسییەکاندا باسکراوە، بۆیە زۆر کەمتر بەزمانەکانی دیکە لەسەر ململانێی نەتەوەیی دواون لە سەردەمی سەفەوی، هەر ئەمەش هاندەر بوو بۆ ئەوەی لە نووسینی ئەو توێژینەوەیەدا سەرچاوەی فارسی سەرچاوەی سەرەکی توێژینەوەکە بن، سەرباری ئەوەی تەنها توانراوە لەڕێگەی سەرچاوەکان بە زمانی فارسی کەلێنەکانی توێژینەوەکە پڕبکرێتەوە. ئەگەرچی زۆربەی ئەو سەرچاوانەی لەو توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون سەرچاوەی بەسوود و پڕ بایەخ بوون، هەریەک لەوان بەپێی توانا کەلێنێکیان لە توێژینەوەکە پڕکردۆتەوە و سوودیان بە دەوڵەمەندکردنی ئەو توێژینەوەیە گەیاندووە لەڕێگەی زانیارییەکانیان، بەڵام دەکرێت ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە دیارترین ئەو سەرچاوانە بکەین، کە سوودمان لێیان بینیووە. بۆ نموونە هەر سێ کتێبی لێکۆڵەری بیانی (راجر سیوری، ایران عصر صفوی/ ئێرانی سەردەمی سەفەوی، درباب صفویان/ لەبارەی سەفەوییەکان، تحقیقات درتاریخ ایران عصر صفوی/ لێکۆڵینەوەکان لە مێژووی ئێرانی سەردەمی سەفەوی)، ئەم کتێبانە نموونەی ئەو سەرچاوانەن لەو توێژینەوەیەدا سوودیان لێ بینراوە، چونکە ناوبراو بە یەکێک لە دیارترین لێکۆڵەرەکانی مێژووی دەوڵەتی سەفەوی دادەنرێت، تەنانەت ئەو کتێبانە لە ئێرانیش لە ڕیزی باشترین کتێبەکانی تایبەت بە مێژووی سەفەوی هەژمارکراوە و لەلایەن لێکۆلەرانی ئێرانی بایەخی تایبەتی پێ دەدرێت. یەکێکی دیکە لەو سەرچاوانەی سوودی بەو توێژینەوەیە گەیاندووە کتێبەکەی (امیر حسین خنجی، قزلباشان در ایران/ قزلباشەکان لە ئێران) ناوبراو یەکێک لە توێژەرە دیارەکانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی ئێرانە ئەو کتێبەی لەبارەی مێژووی قزلباشەکان لە ئێران نووسیووە، گومانی تێدا نییە، کە زۆر وردەکاری تایبەت بەو هۆزانە لەنێو ئەو کتێبەدا ئاماژەی پێ کراوە، کە لێرەدا بەکارهاتووە. ئەمە سەرباری هەندێ سەرچاوەی ڕەسەنی وەک (خواندمیر، امیر محمود، تاریخ شا اسماعیل و شا تهماسب/ مێژووی شا ئیسماعیل و شا تەهماسب) و (ترکمان، اسکندر بیگ (1364ش)، تاریخ عالم ارای عباسی) و چەند نموونەیەکی دیکە لەو نووسەرانەن، کە لەناو ڕووداوەکاندا ژیاون نووسینەکانیان بۆ شایەکانی سەفەوی نووسیوەتەوە و باسی زۆربەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی سەردەمی شایەکانی سەفەوییان کردووە.

### 1. سەردەمی یەکەم (1501 – 1587):-

لەو ماوەیەدا دەوڵەتی سەفەوی (1501 – 1722)[1] لە سەرەتای دامەزراندنی دابوو و هێشتا پایەکانی دەوڵەتەکە بەتەواوەتی جێگیر نەببوو، بۆیە لەگەڵ هاتنەکایەی ئەو وڵاتە تازە دامەزراوە ململانێی نەتەوەیی لەنێوان ڕەگەزی تورکەکان، کە هاوکات پێیان دەگوترا قزلباش[2] و پیاوانی شمشێر، لە دژی فارس (تاجیک[3])ەکان کە بە(پیاوانی قەڵەم) ناسرابوون سەریهەڵدا.

دەوڵەتی سەفەوی لەڕووی کارگێڕی و سەربازییەوە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەبوو، لەلایەک قزلباشەکان کە مورید و سۆفی سەر بە ڕێبازی سەفەوی بوون و هاوکات ڕۆڵێکی کارایان گێڕا لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی و گەیاندنی شا ئیسماعیلی سەفەوی (1501 – 1524) بۆ سەرتەختی دەسەڵات لە وڵاتی فارس[4]، (بەمافی خۆیان دەزانی کە وا لەو دەوڵەتە نوێیەدا پۆستی سیاسی و سەربازی گرنگیان هەبێت و پێ بدرێت، هاوکات فارسەکان کە خۆیان بە میراتگری ئیمپراتۆرییەکانی پێشوو و شارستانی دێرینی ئێران دەزانی، جگە لەوەی لە بواری کارگێڕی شوێن پەنجە و لێهاتوویی خۆیان بۆ دەوڵەتەکانی تری بەر لە دەوڵەتی سەفەوی سەپاندبوو، بۆیە لەگەڵ دامەزارندنی ئەو دەوڵەتە ململانێی نێوان

ئەو دوو نەتەوەیەش زۆر بەتوندی سەریهەڵدا، بەجۆرێک لە مێژووی ئەو وڵاتە ناسراوە بە ململانێی نێوان پیاوانی شمشێر و پیاوانی قەڵەم. (کمبریج، 1380ش، ص 162؛ تاریخ ایران از باستان تا امروز، 1389ش، ص 245 – 250).
قزلباشەکان لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی شا ئیسماعیلی سەفەوی لە دژی دەوڵەتی ئاق قۆینلو[5] کە لە ساڵی (1494) دەستی پێ کرد هاوکاری و پشتیوانییەکی زۆری ناوبراویان کرد، ڕۆڵی کارایان گێرا لە دامەزراندنی دەوڵەتەکەی و سەرکەوتن بەسەر نەیارەکانیدا، بۆیە شا ئیسماعیل لەژێر کاریگەری ئەو خزمەتە زۆرەی کە وا قزلباشەکان لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە پێشکەشی ناوبراویان کردبوو، لە گەیشتنی بە تەختی پادشایەتی وڵاتی ئێران، بۆیە کاتێک دەوڵەتەکەی دامەزراند کۆمەڵێک پۆستی سیاسی و سەربازی و کارگێڕی گرنگی پێیاندا. (Aubin, 1970, p. 239)
شا ئیسماعیلی یەکەم لەسەرەتا پۆستی (وەکیل)[6] ی دا بە یەکێک لە سەرکردەی قزلباشەکان کە لە کاتی شۆڕشەکەیدا پشتیوانی و هاوکاری کردبوو بەناوی حوسێن بەگی شاملو(1501 – 1507)[7]، کە بە نوێنەر و جێگری شا دادەنرا بۆ کاروباری کارگێڕی و سەربازی. (سیوری، ایران عصر صفوی، ص 22 – 25). دەکرێت بڵێین پێدانی پلەیەکی وا بەرز لە دەوڵەتی سەفەوی بە یەکێک لە سەرکردە سەربازییەکانی قزلباشەکان کارێکی ئاسایی و پێویست بوو. بەهۆی ئەوەی شا ئیسماعیلی یەکەم لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکەیدا بوو، هێشتا پایەکانی دەوڵەتەکەی لە ئێران و ناوچەکانی ترادا بەتەواوی جێگیر نەببوو. جگە لەوەی ڕکابەرەکانی لە پاشماوەی بنەماڵەی ئاق قۆینلو لە ناوچەکەدا مابوونەوە و هەوڵی گێڕانەوەی ئەو ناوچانەیان دەدا، کە لەلایەن شا ئیسماعیلەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، هەروەها مەزهەبی شیعەی دوازە ئیمامی[8] کە شا ئیسماعیل لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتەکەیدا بەسەر خەڵکی ئێرانیدا سەپاندبوو، بەتەواوەتی لەناو خەڵکی جێگیرنەبووبوو. بۆ ئەم مەبەستانەی سەرەوە شای ئیسماعیلی سەفەوی پێویستی بە توانای سەربازی و مرۆیی هۆزەکانی قزلباش هەبوو، تاکو بتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەتەواوەتی جێ َگیر بکات و بەسەر گرفتەکانی بەردەمیدا زاڵبێت، بۆیە دەبوو هێز و توانای قزلباشەکان لەبەرچاو بگرێت و پلە و پۆستی کارگێڕی و سەربازی گرنگیان پێ بدات. (کریم، 2018، ل 47 –54).
سەرباری ئەوەی شا ئیسماعیل چەند پۆستێکی دیکەی کارگێڕی و سەربازی وەک (میری میران[9] و قورچی باشی[10]) دا بە قزلباشەکان، لە بەرانبەردا تەنیا دوو پۆستی (وەزارەت و سەدارەت[11])ی دابوو بە نەتەوەی فارس (تاجیک)، بەجۆرێک ئەو دوو پۆستە بەراورد بە سێ پۆستەکەی تر سەنگ و توانایەکی ئەوتۆیان نەبوو، چونکە ئەمانەی تر پایەی سەربازی و کارگێڕی گرنگ بوون لەناو دەوڵەتی سەفەویدا، خاوەنی ئەو پایانە هێز و دەسەڵاتێکی بەرفراوانی لەلایەن شاوە پێ درابوو. (سیوری، ایران عصر فوی، ص 30). لەڕاستیدا ئەگەر بێتوو سەیری دابەشکردنی پۆستەکان بکەین، دەبینین گرنگترین و بەهێزترین پۆستەکان کە زیاتر پۆستی سەربازی بوون لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی لە دەستی قزلباشەکاندابوو، لە بەرانبەردا فارسەکان زیاتر ئەو پۆستە کارگێڕییەکانیان لەدەستدابوو، ئەمەش زیاتر دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی ئێرانیەکان لە مێژووی دێرینی خۆیاندا بەتایبەتی لە بواری کارگێڕیدا شارەزایی و توانایەکی بەرزیان هەبووە، توانیویانە توانا و هەژموونی کارگێڕی خۆیان بەسەر ئەو هێز و لایەنەنانەدا پسەپێنن، کە فەرمانڕەوایی ئێرانی کردووە لەدوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی (226 – 651ز) و هاتنی سوپای ئیسلام بۆ ئەو وڵاتە لە ساڵی (651ز)دا. (نصیری، 1372ش، ص 3 – 5).
شا ئیسماعیلی یەکەم لەدوای جێگیربوونی پایەکانی دەسەڵاتی، هەستی بە مەترسی فراوانبوونی دەسەڵاتی قزلباشەکان کرد، پێی وابوو ئەگەر دەسەڵاتەکانیان زیاتر پەرە بستێنێت، لە داهاتوودا دەبنە هەڕەشە لەسەر دەسەڵاتی خۆشی، بۆیە ویستی لەڕێگەی هێنانەپێشی فارسەکان و پێدانی هەندێک پۆستی کارگێڕی گرنگ لەدەوڵەتەکەی، لە مەترسی فراوانبوونی دەسەڵاتی قزلباشەکان کەم بکاتەوە، چونکە ناوبراو پێی وابوو هاوسەنگی لەدابەشکردنی پۆستەکاندا نییە لەنێوان هەردوو نەتەوەی (تورک و فارس)دا، بۆیە سەر لەنوێ پێگە گرنگەکانی دەوڵەتەکەی لەنێوانیاندا دابەش کردەوە، بۆ ئەو مەبەستەش هەردوو پۆستی (وەکیل و میری میران)ی دا بەیەکێک لە سەرکردە فارسەکان، بەناوی (ئەمیرنەجم مەسعوود زەرگەری ڕەشتی/ 1508 – 1510) ناسراو بە (نەجمی یەکەم)، چونکە ناوبراو لە ماوەی ساڵانی (1494 – 1499) داڵدەی شا ئیسماعیلیدا، کاتێک لەترسی نەیارەکانی پەنای بردبووە بەر ناوچەکانی باکوری ئێران، ئەمە جگە لەوەی

پشتیوانی ئیسماعیلی یەکەمی کرد لە سەرخستنی شۆڕشەکەیدا. (عالم ارای صفوی, 1350ش, ص 305؛ خواندمیر، 1370ش، ج3، ص 491). بەمەش پارسەنگی هێز زیاتر بەلای فارسەکاندا شکایەوە و دەسەلات و هێزی ئەوان لە قزلباشەکان زیاتربوو. (سیوری، ایران عصر صفوی، ص 30).

شیاوی باسە ئەم هەنگاوەی شا ئیسماعیل بووە مایەی ناڕەزایی و نیگەرانی قزلباشەکان، چونکە پێیان وابوو ئەوان کە پیاوی سەربازی و جەنگاوەری دەوڵەتی سەفەوی بوون، ئەو دەوڵەتە بە زەبری هێزی بازووی ئەوان دامەزرابوو، بە لای ئەوان شەرمەزاری بوو ئەرک و فەرمانی سەربازی لە کەسانێک وەربگرن، کە پێشتر جەنگاوەر نەبووبن و تەنها لە کاری دەوڵەتداری و کارگێڕی شارەزا بن. (سیوری، ایران عصر صفوی، ص 31)، چونکە ئەوان قزلباشەکان هۆز و عەشیرەتی کۆچەر بوون و فێری ژیانی شارستانی نەببوون و زیاتر لەسەر ژیانی سەربازی و شەڕکردن ڕاهاتبوون، سەرباری ئەوەی سۆفی بوونی ئەوان ببوو بە هۆکاری ئەوەی دڵسۆزی ڕێبازی سەفەوی و شایەکانی ئەو بنەماڵەیە بن، ئەمەش هاندەر بوو بۆ شا ئیسماعیلی یەکەم لە ماوەی نێوان ساڵانی (1501 – 1512) لە چەند هەڵمەتێکی سەربازی بۆ سەر ناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای ئێران سوود لە توانای سەربازی قزلباشەکان وەربگرێت، کە هاوکات شا ئیسماعیل ئەو مەبەستەشی هەبوو ئەوان بە شەڕەکان سەرقاڵ بکات، بۆ ئەوەی دژایەتی دەسەڵاتەکەی نەکەن. (هرن، 1314ش، ص 82 – 85؛ سیوری، ایران عصر صفوی، ص 29 - 31)، بەڵام هەندێک لەو هەڵمەتانە بەهۆی ململانێی نێوان تورک و فارسەکان دووچاری شکست بوویەوە، بۆ نموونە دوای ئەوەی ئەمیر نەجمی یەکەم لە ساڵی 1510 کۆچی دوایی کرد، شا ئیسماعیل یەکێکی دیکەی لە فارسەکان بە ناوی ئەمیر یار ئەحمەدی خوجانی (1510 – 1512) لە شوێنی ئەو دانا، هەروەها بەهۆی ئەو خۆشەویستییەی بۆ نەجمی یەکەمی هەبوو نازناوی (ئەمیر نەجمی دووەمی) پێدا، بەڵام کاتێک شا سەرکردایەتی سوپای سەفەوی پێ سپارد بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماری تورکمانەکانی ڕۆژهەلاتی ئێران، کە بە (ئۆزبەک)ەکان ناسرابوون، سەرکردەکانی قزلباشەکان لە ساڵی 1512 سەرپێچی فەرمانی شایان کرد و بەر لە هەڵگیرسانی جەنگ لە مەیدانی جەنگ کشانەوە، بێگومان ئەمەش بووە هۆی تێکشکانی سوپای (ئەمیر نەجمی دووەم) و کوژرانی لە بەرانبەر سوپای ئۆزبەکەکاندا (سیوری، ایران عصر صفوی، ص 36؛ خواندمیر، 1370ش، ج3، ص 150 - 151). لەڕاستیدا ئەم ڕووداوە نیشاندەری نموونەیەکە لە خراپی پەیوەندی نێوان هەردوو نەتەوەی تورک و فارس، بەجۆرێک ئەوان نەک ئامادە نەبوون لە کاتی بوونی هەڕەشە و مەترسی لەسەر وڵاتەکەیاندا هاوکاری یەکتری بکەن، بەڵکو هەوڵیان داوە شکست بەیەکتریش بهێنن.

لەدوای کۆچی دوایی شا ئیسماعیلی یەکەم لە ساڵی 1524 دا، هاتنە سەر دەسەڵاتی شا تەهماسبی یەکەم (1524 – 1576)، ململانێی نێوان تورک و فارسەکان زۆر پەرەی سەند، بەجۆرێک لەو ماوەیەدا جەنگی ناوخۆیی لەنێوان لایەنە دەسەڵاتخوازەکان سەریهەڵدا.(Newman, 2006, p. 26 ). چونکە شا ئیسماعیل ئەرکی سەرپەرشتیاریکردنی شا تەهماسبی یەکەمی سپاردبوو بە سەرۆکی هۆزی (تەکەللو) بەناوی (دیڤ سوڵتانی تەکەللو)، ئەو هۆزە یەکێک لەو حەوت هۆزە دیارەکانی قزلباشەکان بوو، ڕۆڵیان بینیبوو لە گەیاندنی شا ئیسماعیلی سەفەوی بۆ سەر تەختی دەسەلات، بەڵام لە دوای مردنی شا، دیڤ سوڵتان سوودی لە پێگەکەی خۆی وەرگرت، بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی و هۆزەکەی و لاوازکردن و لەناوبردنی نەیارەکانی. (صفاکیش، 1390ش، ص 66)، بەمەش ململانێیەکی توند لەنێوان هۆزە دیارەکانی قزلباشەکان لەلایەک و لەنێوان قزلباش و فارسەکانیش لەلایەکی دیکەوە لەسەر گەیشتن بە دەسەڵات سەریهەڵدا، بەتایبەتی لە ماوەی 10 ساڵی یەکەمی فەرمانڕەوایی شا تەهماسب، ململانێیەکان زۆر پەرەیان سەند، چونکە کاتێک ناوبراو دەسەڵاتی گرتەدەست تەمەنی 10 ساڵان بوو، شارەزای لە بەڕێوەبردن و وڵاتداری نەبوو، بەمەش ماوەی 10 ساڵ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات کەوتە ژێردەستی سەرکردە بەهێزەکانی قزڵباشەکان. (بنانی ودیگران، 1380ش، ص 87). بەمەش وڵاتی ئێران لە ماوەیەدا دووچاری باروودۆخێکی نالەباری سیاسی و سەربازی ناوخۆیی و دەرەکی بوویەوە، بەهۆی ململانێی نێوان هەردوو نەتەوە دیارەکە و کێشمەکێشی نێوان قزلباشەکان خۆشیان لەسەر ئەوەی کێ لەو ماوەیەدا دەسەڵات بگرێتە دەست. (ترکمان، 1364ش، ص 46). بەجۆرێک لەسەر ئاستی دەرەکی وڵاتی ئێران ڕووبەڕووی زنجیرەیەک شەڕی یەک لەدوای یەک بوویەوە، چونکە دەوڵەتی عوسمانی لە سنورەکانی ڕۆژئاوا و

باکووری ڕۆژئاوای ئێران لەنێوان ساڵانی (1533 – 1553) چوار جار پەلاماری ئێرانیاندا، لەو ماوەیەدا دەستیان بەسەر ناوچەیەکی فراوانی وەکو (کوردستان و ئازربایجان) داگرت، سەرەنجام شەڕەکانیان بە ڕێکەوتنامەی ئەماسیا لە ساڵی 1555 کۆتایی پێهات، هەروەها لە سنوری ڕۆژهەڵاتیش ئۆزبەکەکان بەهەمان شێوە چەند جارێک پەلاماری ئێرانیاندا و توانیان لە هەر جارێکدا زەرەر و زیانێکی زۆر بەو ناوچانە بگەیەنن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هەریەک لە. (لابی ار، 1369ش، ص 1-75، 900 – 917؛ ملکم، 1380ش، ص 345، 347).

لە دیارترین هەنگاوەکانی دیڤ سوڵتانی تەکەللو کە لە دژی فارسەکان گرتیەبەر، لە ساڵی 1524 هەستا بە کوشتنی خواجە جەلالەددین محەمەدی تەبریزی (1523 – 1524)، کە بەرپرسی دیوانی چاودێری شا بوو (ترکمان، 1364ش، ص 159). بەمەش شا تەهماسب ناچار بوو، کەسێکی دیکە بەناوی (قازی جیهانی قەزوینی) کە ئەویش فارس بوو، لە شوێنی ئەو دابنێت (روملو، 1357ش، ص 185)، بەڵام دیڤ سوڵتان کە لە بنەڕەتدا دژی باڵا دەستی فارسەکان بوو، قازی جیهانی دەستگیرکرد و خستیە زیندان، لە شوێنی ئەودا کەسێکی فارسی دانا بەناوی (میر جەعفەری ساوجی/ 1532 – 1533)، بەمەش شا تەهماسب هەرچەندە ئەو هەنگاوەی بە دڵ نەبوو، بەڵام نەیتوانی تا ساڵی 1529 هیچ هەڵوێستیک بەرانبەر بە دیڤ سوڵتان بگرێتە بەر، بەتایبەتیش دوای ئەوەی توانی لەڕێگەی بەدەستهێنانی پشتیوانی هۆزێکی دیکەی قزلباشەکان، کۆتایی بە باڵا دەستی هۆزی تەکەللو هێنا و دیڤ سوڵتانی سەرۆکی هۆزی تەکەللو کوشت (Newman, 2006, p. 27)

شیاوی باسە شەڕ و ململانێی ناوخۆیی لەنێوان قزلباش لەدوای کوژرانی دیڤ سوڵتانی تەکەللوش هەر بەردەوامی هەبوو، ئەم جارەیان سەردەمی هۆزی شاملو دەستی پێ کرد، سەرکردەکانی ئەو هۆزەش بەهەمان شێوە توانیان بۆ ماوەی چەند ساڵێک کاروباری وڵات هەڵبسوڕێنن و پۆست پێگە سیاسی و کارگێڕییە گرنگەکان بەخۆیان پڕ بکەنەوە. سەرۆکی هۆزی شاملو لە ساڵی 1533 هەستا بە کوشتنی (میر جەعفەری ساوجی) سەرپەرشتیاری شا (صفا کیش، 1390ش، ص 66- 67). پاشان کەسێکی نزیک لە خۆیان بەناوی (نوور کەمالی ئەسفەهانی) لە شوێنی ئەو دانا (قمی, 1383ش, ص 218)، بەمەش باڵا دەستی قزلباشەکان بەسەر دەرباری شای سەفەوی و ململانێیان لەگەڵ فارسەکان تا ساڵی 1535 بەردەوام بوو، بەجۆرێک شا تەهماسب لەو ماوەیەدا تەمەنی بوو بە 20 ساڵ و بەرەبەرە شارەزایی و هێزی لە بواری کارگێڕی و سەربازی پەیداکرد، بەمەش هەستا بە کوشتنی سەرۆکی (هۆزی شاملو)و پاشان (نور کەمالی ئەسفەهانی)شی لە پۆستەکەی دوورخستەوە و (قازی جیهانی قەزوینی) لە زیندان ئازاد کرد و گەڕاندییەوە بۆ سەر پۆستەکەی پێشووی (قمی، 1383ش، ص 364). دوای گەڕانەوەی ناوبراو بۆ سەر پۆستەکەی، بۆ ماوەی 15 ساڵ لە شوێنی خۆیدا مایەوە، بەمەش لەو مێژووە بەدواوە سەردەمی بەهێزی شا تەهماسبی سەفەوی و لاوازی قزلباشەکان بوو. تەنانەت شا تەهماسب لەو ماوەیەدا لە زۆربەی پۆست و پێگە هەستیارەکان فارسەکان دانا. (روملو، 1357ش، ص 373). سەرباری ئەوەی شا تەهماسب توانی قزلباشەکان لاواز بکات و بەتوندی بەرەنگاریان بوویەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بەردەوام بوون لە دژایەتیکردنی فارسەکان، پێیان شەرمەزاری بوو، کە ئەرک و فەرمان لەوان وەربگرن، هەر ئەمەش وای کردبوو ئەو سەرکردە فارسانەی کە پۆستی (وەکیل) یاخود (وەزیر)یان وەردەگرت، دەست لە کاروباری سەربازی وەرنەدەن و خۆیان بەدوور بگرن لە هەڕەشە و مەترسییەکانی قزلباشەکان، بۆ ئەوەی گیانیان پارێزراو بێت (رویمر، 1353ش، ص 344)، ئەگەرچی شا تەهماسب بۆ ماوەیەک توانی هاوسەنگی هێز لەناوخۆی وڵاتەکەی ڕابگرێت و ململانێی نەتەوەیی نێوان ئەو دوو نەتەوە دیارە کاڵ بکاتەوە، بەڵام جارێکی دیکە بارودۆخی ناوخۆیی ئێران لەکۆتاییەکانی تەمەنی ئەودا بەرەو پشێوی و ناهەمواری هەنگاوی نایەوە، بەتایبەتیش لەسەر دیاری کردنی شای وڵات ململانێیەکی توند لەنێوان هێزە جیاجیاکانی ناو دەرباری سەفەوی سەری هەڵدایەوە، بەجۆرێک کار گەیشتە کوشتنی میر و شازادەکان، کە داوای تەختی پادشایەتی ئێرانیان دەکرد. (صفاکیش، 1390ش، ص 70 – 79).

### 2- قۆناغی دووەم (1578 – 1629):-

قۆناغی دووەمی دەوڵەتی سەفەوی بە هاتنە سەر تەختی شا عەبباسی یەکەم (1588 – 1629) دەست پێ دەکات. ئەوەی جێگای ئاماژەیە وڵاتی ئێران لەدوای مردنی شا تەهماسب یەکەم تاکو هاتنی شا عەبباسی یەکەم، دووچاری بارووودۆخێکی ناهەموار و ململانێیەکی توندی سیاسی و سەربازی لەنێوان فارسەکان و تورکەکان لەناو دەرباری سەفەوی بوویەوە. ڕکابەری ئەو دوو نەتەوەیە کە لەناو دەرباری سەفەوی بەهێزەوە هەبوون، لەسەر پشتگیریکردنی ئەو شازادانە بوو، کە لەڕووی بیروباوەڕەوە لەوان نزیک بوو، بۆ ئەوەی پشتیوانی بکەن و بیخەنە سەر تەختی دەسەڵات، واتە هەریەکێک لەو دوو نەتەوەیە هەوڵیاندەدا ئەو شازادانە بکەن بە شای ئێران کە داواکارییەکانیان زیاتر جێبەجێ بکات و پۆست و پایە بەرزو گرنگەکانیان پێ بدات. بۆ ئەو مەبەستەش فارسەکان هەر لەدوای مردنی شا تەهماسب هەوڵیاندا یەکێک لە شازادەکان بەناوی (حەمزە میرزا) بکەن بە شا، بۆ ئەو مەبەستەش بەرلەوەی هەواڵی مردنی شا بڵاو بکەنەوە تاجی پادشایەتیان لەسەرنا، لە بەرانبەردا سەرکردەکانی قزلباشەکانیش پشتیوانیان لە شازادەیەک دەکرد بەناوی (ئیسماعیل میرزا)، بەڵام ناوبراو بەهۆی هەڵسوکەوتێکی نابەجێ لە دژی باوکی خرابووە بەندیخانەوە، بۆیە قزلباشەکان ئاگادار بوون شا تەهماسب لەسەر مەرگدایە، (ئیسماعیل میرزا)یان لە زیندان ئازاد کرد. گومانی تێدا نییە ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕیکی خوێناوی لەنێوان لایەنگرانی هەردوو شازادەکەدا، کە سەرەنجام شازادە ئیسماعیل میرزا بە پشتیوانی قزلباشەکان توانی تاجی پادشایەتی سەفەوی بۆخۆی مسۆگەر بکات و ڕکابەرەکانی لەناو ببات، کە دواتر بەناوی (شا ئیسماعیلی دووەم/ 1576 – 1577) لە مێژووی نوێی ئێران ناسرا. (روملو، 1357ش، ص 344 - 346). لەڕاستیدا ماوەی فەرمانڕەوایی شا ئیسماعلی دووەم زۆر درێژەی نەکێشا، چونکە ناوبراو سیاسەتێکی توندوتیژی بەرانبەر بە زۆربەی شازادەکانی بنەماڵەی سەفەوی و سەرانی قزلباشەکانیش گرتەبەر، ناوبراو ئەو ماوەیەی لە زیندان بوو مەیلی زیاتر بەلای مەزهەبی سووننەدا چووبوو، بۆی ڕقی خۆی بەسەر قزلباشەکان بەتاڵکرد، هەر ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکان بوو، قزلباشەکان هەوڵی لەناوبردنی بدەن (سیوری، 1380ش، 242). بەتایبەتیش دوای ئەوەی قزلباشەکان هەستیان بە مەترسی شا ئیسماعیل کرد لەسەریان. بیریانکردەوە کە وا پێویستە ناوبراو لە دەسەڵات دوور بخەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش بە یارمەتی یەکێک لە خوشکەکانی شا بەناوی (پەریخان خانم)، توانیان شا ئیسماعیل بکوژن و کۆتایی بە دەسەڵاتی بهێنن کە کەمتر لە دووساڵ فەرمانڕەوایی کرد. لە شوێنی ئەودا یەکێک لە شازادە لاوازەکان بەناوی (سوڵتان محەمەد خودابەندە/ 1578 – 1588) لەسەر تەختی دەسەڵات دابنێن (هینتس، 1371ش، ص 54 – 60، 68 – 69).

لەڕاستیدا ڕکابەری نەتەوەیی لەناو دەرباری سەفەوی لەنێوان تورک و فارسەکاندا نەک هەر تەنها لەسەر وەرگرتنی پۆستەکان و دانانی شازادەکانی نزیک لە خۆیان بوو، بەڵکو گەیشتە ئەو ئاستەی کە شایەکانیش لەناو ببەن و یەکێکی دیکە لە شوێنی دابنێن، بەتایبەتیش دوای ئەوەی هەستیان کرد، کە ئەو شایەی دایاننا وەکو چاوەڕوانیان دەکرد، خواستەکانی ئەوانی بەدی نەهێنا، بەمەش ململانێ نەتەوەیی لەناو دەرباری سەفەوی گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە بە کوشتنی شازداەکان و خودی شایەکانیش بگرێتەوە، ئەگەرچی شا ئیسماعیلی یەکەم هەر زوو هەوڵی لاوازکردنی قزلباشەکانیدا، بەڵام ئەوان لەدوای هەر شایەکی لاواز سەرلەنوێ بەهێزەوە دەردەکەوتنەوە، بۆیە شایەکانی سەفەوی کەهەستیان بە مەترسی قزلباشەکان کردبوو لەسەر دەسەڵاتیان هەوڵی لاوازکردنی ئەوانیان دەدا، بەڵام وەکو پێویست سەرکەوتوو نەبوون. (رویمر، 1353ش، ص 344). قزلباشەکان لە ماوەی 10 ساڵی فەرمانڕەوایی محەمەد خودابەندە، دەسەڵاتێکی ڕەهایان پەیدا کرد. هەر لەوماوەیەدا کەوتنە دژایەتییەکانیان جگە لەگەڵ فارسەکان تەنانەت لەناو دەرباری شاش خێزانی شایان بەناوی (مەهدی عولیا) کوشت، چونکە ناوبراو کاریگەرییەکی بەهێزی بەسەر فەرمانەکانی شا هەبوو، هەروەها لە دژی بەرژەوەندییەکانی قزلباشەکان دەوەستایەوە، بۆیە ئەویان بە هەڕەشە لەسەر خۆیان دەبینی، بەمەش توانیان لەناوی ببەن (فلسفی،ج1، 1347ش، ص 54 – 55). سەرباری ئەوەش محەمەد خودابەندە هیچ کاردانەوەیەکی بەرانبەریان نەگرتەبەر، چونکە کەسێکی لاواز و بێتوانا بوو، بەتەواوی کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ئەوان، تەنانەت سەرباری لاوازی بێتواناییشی هێشتا قزلباشەکان لێی ڕازی نەبوو، بۆیە لە ساڵی 1588 هەستان بە لادانی

(سوڵتان محەمەد خودا بەندە) لەسەر تەختی دەسەلآت و دانانی (شازادە عەبباس میرزا)ی کوڕی لە شوێنی باوکیدا، کە دواتر بەناوی (شا عەبباسی یەکەم/ 1588 – 1629) ناسرا. (سیوری، ایران عصر صفوی، ص 256).
شا عەبباسی یەکەم هەرچەندە بە پشتیوانی قزلباشەکان و بە یارمەتی یەکێک لە سەرکردە بەهێزەکانی ئەو هۆزەیە بەناوی (مورشید قولیخان)ی سەرۆکی هۆزی ئوستاجلوی تورکمانی گەیشت بە تەختی دەسەلآت، بەڵام هەوڵیدا خۆی لە دەسەڵاتی ئەوان ڕزگار بکات، بۆ ئەو مەبەستەش سودی لە ناکۆکی نێوانیان وەرگرت، سەرەتا توانی لەڕێگای مورشید قولیخان سەرجەم ڕکابەرە بەهێزەکانی قزلباشەکان لەناوببات و پایەکانی دەسەڵاتی خۆی بەتەواوی جێگیر کرد، بۆیە دواتر هەستا بە لەناوبردنی (مورشید قولیخان)ی سەرکردەی قزلباشەکانیش، بەمەش لەدوای چەند ساڵێک لەهەوڵی بەردەوام توانی کۆتایی بە سەرەڕۆیی قزلباشەکان بهێنێت. (فلسفی، ج 1، 1347ش، ص 138 – 147)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ململانێ و ناکۆکییەکانی ناو دەرباری سەفەوی لەنێوان فارسەکان و تورکەکاندا بووە هۆی لەدەستدانی ناوچەیەکی بەرفراوانی خاکی ئێران، کە لەلایەن عوسمانییەکان لەبەرەی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوا و ئۆزبەکەکانیش لە بەرەی ڕۆژهەلآت دەستی بەسەر دابگرن (بنانی و دیگران، 1380ش، ص 206). بۆیە شا عەبباس بڕیاریدا پشت بەهێزی سێیەم ببەستێت، بۆ ئەو مەبەستەش خەڵکانی جیاوازی لەڕووی ئایینی و نەتەوەیی وەک (ئەرمەنی، گورجی و چەرکەس)ی، کە خەڵکی بەتوانابوون لەڕووی کارگێڕی و سەربازی و بازرگانی و نیشتەجێی ناوچەکانی (قەفقازو ئەرمینیا) بوون، هێنا بۆ ئێران، کاروباری سوپا و دەوڵەتداری بە ئەوان سپارد، ئەم هەنگاوەی ناوبراو لەدوای ئەوە هات کاتێک لە ساڵەکانی (1604 – 1605 و 1616) چەند هەڵمەتێکی سەربازی بۆ سەر ئەو ناوچانە ئەنجامدا و ژمارەیەکی زۆری لە نەتەوەکانی ئەرمەنی و گورجی و چەرکەسی گواستەوە بۆ ئێران، سوپایەکی لە گەنجانی سەر بەو نەتەوانە دروستکرد بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی (خداوردیان، 1360ش، ص 258 – 260).
گومانی تێدا نییە، کە ئەمە بەیەکێک لە گرنگترین هەنگاوەکان دادەنرێت لە مێژووی دەوڵەتی سەفەوی، کە یەکێک لە شایەکانی ئەو بنەماڵەیە بۆ ڕزگاربوون لە ململانێی نەتەوەیی کە بۆ ماوەیەکی درێژ وو باڵی بەسەر دەرباری ئەو بنەماڵەیەدا کێشا بوو. سەرباری ئەوەی شا عەبباسی یەکەم لەپێناو نەهێشتنی ئەو ململانێیەدا چەند هەنگاوێکی دیکەشی نا، لەوانەش گواستنەوەی پایتەختی ئێران لە شاری قەزوین لە باکووری ئێران بۆ شاری ئەسفەهان لە ناوەڕاستی ئەو وڵاتەدا، چونکە شاری قەزوین ناوەندی دەسەڵاتی قزلباشەکان بوو، بەمەش بە گواستنەوەی پایتەخت بۆ ئەسفەهان ویستی لە هەڕەشە و مەترسییەکانی ئەوان بە دوور بێت، هەروەها بەشێک لە پۆستە کارگێڕی و سەربازییە هەستیارەکانی بە نەتەوەکانی (ئەرمەنی، گورجی، چەرکەس) سپارد، لەوانەش پۆستی قولەر ئاغاسی[12] دا بەگورجیەکان (نصیری، 1372ش، ص 16). لەڕاستیدا ئەم هەنگاوەی شا عەبباس لێدانێکی بەهێزبوو لە پێگەی قزلباشەکان، چونکە بە دامەزراندنی ئەو پۆستە کە پێگەیەکی سەربازی بوو، دەسەڵاتی سەربازی قزلباشەکانی کەم کردەوە و لاوازی کرد. لەلایەکی دیکەشەوە لە جێگەی سەرۆک هۆزەکانی قزلباشەکان زیاتر بایەخی بە کوڕ و نەوەکانی ئەواندا، لەلایەک وەک بارمتە بەکاری دەهێنان بۆ ئەوەی سەرکردەکانی قزلباشەکان دژایەتی دەسەڵاتەکەی نەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە ئەوانی لەناو دەربار پەروەردە کرد، بۆ ئەوەی فێری ژیانی کارگێڕی و سیاسی ببن و بە تەنها دڵسۆزییان بۆ شای سەفەوی بێت. (سیوری، ایران عصر صفوی، ص 166 - 173). جێگەی ئاماژەیە هەرچەندە شا عەبباسی یەکەم سەرکەوتوو بوو لەو هەنگاوانەی گرتیەبەر، بەڵام بە مردنی ئەو چاکسازییەکانی بەرەو کاڵبوونەوە چوون و جارێکی دیکە ململانێیەکانی نێوان تورک و فارس و نەتەوەکانی دیکەش لەناو دەرباری سەفەوی سەری هەڵدایەوە، بەمەش قۆناغی سێیەمی ململانێیەکان دەست پێ کرد، کە قۆناغی هەژموونی دەربارە بەسەر شایەکاندا.

### 3– قۆناغی سێیەم (1629 – 1722):–

ئەم قۆناغە لە هاتنە سەردەسەڵاتی شایەکانی سەفەوی کە لەدوای شا عەبباسی یەکەم دەستی پێ کرد، تا ڕووخانی دەوڵەتی سەفەوی لە ساڵی (1722) بەردەوام بوو، ئەگەرچی شا عەبباسی یەکەم هەموو توانای خۆی خستەگەڕ بۆ لاوازکردنی قزلباشەکان و نەهێشتنی ململانیی نەتەوەیی لەنێوان فارس و تورکەکان لەناو دەرباری سەفەویدا، بەڵام لە

ماوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا چەند هەنگاوێکی گرتەبەر، کە لەدوای مردنی خۆیدا بە خراپی بەسەر دەوڵەتەکەیدا شکایەوە، ئەویش هەستا بە لەناوبردنی کوڕەکانی و کوشتنی زۆربەیان کە مەترسی ئەوەی لێیان دەکرد لەلایەن قزلباشەکان و فارسەکان بەکاربهێنرین لە دژی دەسەڵاتەکەی، بەمەش کاتێک لە ساڵی 1629دا کۆچی دوایی کرد، بەهۆی ئەوەی کوڕەکانی لەپێشتردا کوشتبوو، بۆیە هیچ شازەدایەکی جێنشین نەبوو تاکو شوێنی بگرێتەوە و بچێتە سەر تەختی دەسەڵات، بۆیە سەرانی دەوڵەت ناچار بوون یەکێک لە نەوەکانی بەناوی (سام میرزا) کە ئەوکات تەمەنی 18 ساڵ بوو کردیان بەشای ئێران و بەناوی شا سەفی (1629 – 1644) ناسرا (اولئاریوس، 1369ش، ج2، ص 722).

شا سەفی کەسێکی بێ توانا و دڵڕەق، هەستا بە لەناوبردنی زۆربەی شازادەکانی سەفەوی، تەنانەت زۆربەی سەرکردە سەربازییەکانی دەوڵەتەکەشی لەناوبرد، لەکاتێکدا بەشێک لەوان سەرکردەی سەربازی بەتوانا بوون و خزمەتی گەورەیان پێشکەش بە دەوڵەتی سەفەویش کردبوو. (صفاکیش، 1390ش، ص 103 - 107). گومانی تێدا نییە، کە ئەو هەنگاوەی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ ترسی لەوەی سەرکردە سەربازییەکان کە سەر بە هۆزە جیاوازەکان بوون لە دژی دەسەڵاتەکەی هەڵبگەڕێنەوە و پشتیوانی شازادەیەکی دیکەی سەفەوی بکەن و ناوبراو لە دەسەڵات دووربخەنەوە. لەدوای مردنی شا سەفی کوڕەکەی بەناوی شا عەبباسی دووەم (1644 – 1666) شوێنی گرتەوە، هەرچەندە لە سەردەمی ئەودا تاڕادەیەک ململانێیەکانی نێوان قزلباش و فارسەکان کەمتر بوویەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قزلباشەکان هەستان بە کوشتنی سەرۆک وەزیرانی ئێران بەناوی (سارۆتەقیخان/ 1633 – 1645)، چونکە ناوبراو سەر بەنەتەوەی فارس بوو، هەروەها لە ماوەی حوکمڕانی خۆیدا خزمەتێکی زۆری پێشکەش بەو وڵاتە کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی پەیوەندی باش لەگەڵ قزلباشەکان دروست بکات و خۆی لە ڕق و کینەی بپارێزێت، سەرەنجام بە کوشتنی ئەو دەوڵەتەکەی کۆتایی هات (ملکم، 1380ش، ص 392 - 396).

سەرباری ئەوەی لەدوای مردنی شا عەبباسی دووەم دەوڵەتی سەفەوی زیاتر بەرەو ڕووخان هەنگاوی نا، چونکە لەدوای ئەو دوو شای دیکە لە بنەماڵەی سەفەوی دەسەڵاتیان گرتەدەست، کە دوو شای لاواز بوون و زۆر بایەخیان بە کاروبارەکانی وڵات نەدەدا، بۆیە ململانێیەکان لەناو دەرباری ئەو وڵاتە بەردەوامی هەبوو، ئەمەش دەرفەتی ڕەخساند بۆ کوردێک بەناوی (شێخ عەلیخانی زەنگەنە/ 1669 – 1689) بۆ ماوەی نزیکەی 20 ساڵا سەرۆک وەزیرانی وڵاتی ئێرانی کرد (سادق و خدر، 2020، 173). شێخ عەلیخانی سەرۆکی هۆزی زەنگەنەی کوردی بوو، ناوبروا لە ماوەی حکومەتەکەیدا کەسی یەکەمی ئێران بوو لەدوای شا زۆربەی کاروبارەکانی ئەو وڵاتەی بەڕێکی بەڕێوە دەبرد. بەهۆی لێهاتوویی و بەتواناییەوە لەو ماوەیەدا ڕێگای نەدا قزلباشەکان گرفت و کیشە بۆ کارەکانی دروست بکەن. (کمبریج، 1384ش، ص 118 – 119)، بەڵام لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی سەفەویدا بەهۆی ئەوەی دەرباری سەفەویش ببوونە بەشێک لە ململانێیەکان و زۆرجار پیلانی کوشتن و لادانی سەرکردە بەتواناکان لەوێ دادەنرا، وەکو دوایین هەنگاوەکانی ململانێی نێوان تورک و فارسەکان، بە کوشتنی فەرماندەی هێزەکانی ئێران بەناوی (لوتف عەلیخان) و هەروەها کوشتنی (فەتح عەلیخانی داغستانی) سەرۆک وەزیرانی ئێران (1716 – 1720) گەیشتە قۆناغی کۆتایی، چونکە بە کوژرانی ئەم دووانە دەرگای هێرشی ئەفغانەکان بۆسەر وڵاتی ئێران ئاوەڵابوو، سەرەنجام ئەفغانییەکان توانیان لە ساڵی 1722 دەست بەسەر شاری ئەسفەهان دابگرن و کۆتایی بە دەوڵەتی سەفەوی بێنن، کە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەدە فەرمانڕەوایی ئێرانیان کرد. (ملکم، 1380ش، ص 401-433).

4- ئەنجام:

1- سەرهەڵدانی ململانێ بۆ ماوەیەکی درێژ لە دەوڵەتی سەفەوی لەنێوان هەردوو ڕەگەزی تورکمانەکان، کە ناسرابوون بە قزلباش لەگەڵ ئێرانیەکان کە ناسرابوون بە فارس.

2- گواستنەوە و وەرگرتنەوەی پۆستە باڵاکانی وڵات وەکو (وەکیل و وەزیر) لە قزلباشەکان و پێدانی بە ئێرانییەکان لەلایەن شایەکانی سەفەوییەوە.

3- سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی لە ئێران لەنێوان هۆزە دەست ڕۆیشتووەکانی قزلباشەکان لەسەر دەسەڵات، لەنیوەی یەکەمی سەدەی 16، لەسەر پێگەی میری میران و کام لەو هێزانە سەرکردایەتی هۆزەکانی قزلباشەکان بکات.

4- سەرهەڵدانی ڕکابەرایەتی لەنێوان شازادەکانی دەوڵەتی سەفەوی، بەتایبەتی لەدوای مردنی شایەکان بۆ وەرگرتنی تەختی پادشایەتی ئێران، هەریەک لەو دوو نەتەوە جیاوازە پشتیوانی شازادەیەکیان دەکرد، بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەمەش زۆربەی جارەکان بە کوشت و کوشتاری زۆربەی شازادەکانی بنەماڵەی سەفەوی کۆتایی پێ دەهات.
5- لەدەستدانی ناوچەیەکی فراوانی خاکی ئێران لەئەنجامی ناوکۆکییە ناوخۆییەکان و دەست بەسەرداگرتنی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و لەناوچەکانی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوا، ئۆزبەکەکانیش لە ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەدا.
6- بێ توانایی و لاوازی شایەکانی کۆتایی دەوڵەتی سەفەوی لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات و بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگییەکانی بەردەم وڵات و کۆتایی هێنان بە ناکۆکییە درێژخایەنەکان.
7- لاوازبوونی دەوڵەتی سەفەوی بەتێپەڕبوونی کات، بەهۆی بەردەوامی ململانێیەکانی نێوان تورک و فارسەکان و سەرەنجام بە ڕووخانی دەوڵەتی سەفەوی لەسەر دەستی ئەفغانییەکان کۆتایی هات، کە ئەوانیش بەشێک بوون لە نەتەوەی فارس.

## 5- پەراوێزەکان:-

(1) سەفەوی:- ناوی سەفەوییەکان دەگەڕێتەوە بۆ شێخ سەفیەدینی ئەردەبیلی (1255 – 1333) کە یەکێک کە بەڕەچەڵەک کورد بوونەو لەناوچەی شەنگال کۆچیان کردووە بۆ باکووری ئێران، شێخ سەفیەدین باپیرە گەورەی بنەماڵەی سەفەوییەکان و دامەزرێنەری ڕێبازی سۆفیگەری سەفەوی بوو لەشاری ئەردەبیل لە باکووری ئێران، لەدوای مردنی خۆی کوڕ و نەوەکانی لەبرەودان بە ڕێبازەکەی بەردەوام بوون و تەکیەکەیان پەرەی سەند لەناوەڕستی سەدەی 15 تەکیەی سەفەوی لەپاڵا مۆرکی ئایینی مۆرکێکی سەربازیشی بەخۆوەبینی و زۆربەی شوێن کەوتووانی ئەو ڕێبازە لە تورکمانەکانی ناوچەکانی باکوری ئێران بوون، دوای ئەوەی شا ئیسماعیلی یەکەم (1501 – 1224) دەوڵەتەکەی دامەزراند بە ناوی دەوڵەتی سەفەوی ناسرا لەئێرا ن تاکو ساڵی 1722 بەردەوام بوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عالم ارای صفوی، 1350ش، ص بیست – بیست چهار؛ خنجی، بی تا، ص 8 – 58؛ مزاوی، 1363ش، ص 115 - 155).
(2) قزلباش:- وشەکە لەزمانی تورکیدا بەمانای کڵاو سوور دێت، قزلباش بە حەوت هۆزی تورکمانی دەگوترا کە موریدی تەکیەی سەفەوییەکان بوون و لە ساڵی 1454 لەلایەن شێخ حەیدەری باوکی شا ئیسماعیلی دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەویەوە وەکو سوپای تایبەت بە ڕێبازی سەفەوی دامەزراند، ئەوانیش بریتی بوون لەهۆزەکانی (تەکەللو، شاملو، قاجار، ئەفشار، ئوستاجلو، زولقەدر، ڕۆملو)، ئەندامانی ئەو هۆزانە مەشق و ڕاهێنانی سەربازیان پێدەکراو ئامادەکران بۆ ئەوەی پشتیوانی سەفەوییەکان بکەن لەڕووبەڕووبوونەوەی نەیارەکانیان و سەرەنجام ڕۆڵی سەرەکیان گێڕا لە ساڵی 1501 لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (خنجی، بی تا، 64 – 66؛ پناهی سمنانی، 1371ش، ص 99 – 112).
(3) تاجیک:- لەڕاستیدا لەنێوان لێکۆڵەرانی ئێرانی بۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بە واتای (تاجیک)، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن کە تاجیک بە خەڵکانی نا (تورک و عەرەب) بەکاردەهات، بەتایبەتی تورکەکان بەکەسانی ناتورکیان دەگوت (تات) هەروەها پاشگری (جیک) لە (چیک) کە بەمانای بچوک دێ هاتووە، ئەمەش بەو مانایەی تورکەکان خەڵکانی دەرەوەی ڕەگەزی خۆیان بە بچوک سەیرکردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (شکورزادە، 1373ش، ج – یو). بەڵام لە سەردەمی سەفەوییەکان ئەو دەستەواژەیە بۆ نەتەوەی فارس بەکار دەهات، ناوەکەش خۆی لە بنەڕەتدا بۆ ناوی هۆزێکی فارسی زمان دەگەڕێتەوە بەناوی تاج، مێژووی بەکارهێنانی تاجیک دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجی کۆچی بەدواوە، لە سەردەمی سەفەوییەکان جگە لە وشەی تاجیک بۆ نەتەوەی فارس هاوکات وشەی (ئێرانی، پیاوانی قەڵەم و ئەهلی قەڵەم) یش بەکارهاتووە، ئەگەرچی دەستەواژەی تاجیک ئێستا لە وڵاتی ئێران بەکارنایەت، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدابێت لە هەردوو وڵاتی تورکمانستان و ئەفغانستان بەفارسە سووننە مەزهەبەکان دەڵێن تاجیک، هەروەها وشەی پیاوانی قەڵەم وئەهلی قەڵەمیان بۆ بەکاردەهێنان بەهۆی شارەزاییان لە بواری کارگێڕی و دەوڵەتدارییەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (طباطبائی، 1365ش، ص 343 – 349).

(4) وڵاتی فارس: یەکێک لەو ناوانە بوو کە لەسەردەمانی کۆن بە وڵاتی ئێران دەگووترا، بەڵکو لە ساڵی 1935 ناوی وڵاتی فارس بۆ ئێران گۆڕا، هەروەها لە سەرچاوەکانیش بەشێوەی جیاوازی وەک (وڵاتی فارس، وڵاتی ئێران، دەوڵەتی سەفەوی)یش ناوی هاتووە. دەوڵەتی سەفەوی لەڕووی جوگرافیای سیاسییەوە بەهۆی شەڕەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و ئۆزبەکەکان سنوورەکانی کەم و زیادی دەکرد، بەڵام لە کۆتایی فەرمانڕەوایی ئەو دەوڵەتە سنوورەکانی لە باکوور ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست و دەریای خەزەر (قەزوین) و قەفقازی لەخۆ دەگرت، لەباشووریش دەریای عومان و وڵاتی عومان و بەحرێن، لە ڕۆژهەڵات تەواوی ئەفغانستان و سیستان، لەڕۆژئاواش نێوان دوو ڕووبار (بەشێک لەعێراقی ئێستا) و ئاسیای بچوک (باکوور و بەشێک لەبوشووری کوردستانی ئێستا)ی لەخۆ گرتبوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (حافظ نیا و قلی زادە، 1386ش، 13). ئەگەر ئێمە لەچەند شوێنێکی ئەو توێژینەوەیەدا ناوی (ئێران)مان بەکارهێنا مەبەست لێی هەمان وڵاتی فارس یاخود دەوڵەتی سەفەوییە.

(5) ئاق قۆینلو (1468 – 1501) بنەماڵەیەکی تورکمانی بوون زێدی ڕەسەنیان ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕست بوو لەدوای هەڵمەتی تەیمووری لەنگ بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی لەناوچەکانی ئەنادۆل و شاری دیار بەکر نیشتەجێ بوون، دامەزرێنەری ئەو دەوڵەتە کەسێک بوو بەناوی حەسەن بەگ ناسراو بە (ئۆزۆن حەسەن) هاوکات بەبنەماڵەی خاوەن مێگەلی سپیش ناسرابوون، پایەتەختەکەیان شاری دیاربەکر بوو، پاشان گواسترایەوە بۆ شاری تەورێز (تەبریز) لە وڵاتی ئێران، لە ساڵی 1501 شا ئیسماعیلی سەفەوی توانی دەست بەسەر پایەتەختەکەیان دابرێت و کۆتایی بە ماوەی حوکمڕانیان لە ئێران و کوردستان و ئازربایجان بێنێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتابەکەی:(ابوبکر طهرانی، 1977) و (ملکم، 21379ش، ص 332 – 335).

(6) وەکیلی نەفسی هومایوونی (وکیل نفس نفیس همایونی): بەمانای بریکار و یاریدەدەری شای سەفەوی دەهات لەکاروباری کارگێڕیدا، هاوکات کەسی دووەم بوو لەدوای شا ئیسماعیلی یەکەم لە وڵاتی ئێران بۆیە هەرکەسێک ئەم پۆستەی پێدرابایە دەسەڵاتێکی فراوانی دەبوو، جگە لە بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی وڵان هاوکات سەرکردایەتی سوپاشی دەکرد لە کاتی هەڵمەتە سەربازیەکاندا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (سیوری، تحقیقات درتاریخ ایران...، ص 113 – 117).

(7) حوسێن بەگی شاملو: سەرکردەی هۆزی شاملو بوو، کە یەکێک بوو لەو حەوت هۆزەی پاڵپشتی و پشتیوانی شا ئیسماعیلیان کرد لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەویدا، ناوبراو بەهۆی ئەو خزمەتە فراوانەی خۆی و هۆزەکەی بە ئیسماعیلی یەکەمیان کردبوو، بۆیە پۆستی وەکیلی نەفسی نەفیسی هومایونی پێدا لە ساڵی (1501) تاکو ساڵی 1507 لەو پۆستەدا مایەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (روملو ، 1357ش، ص 92؛ خواندمیر،ج4، 1380ش، ص 477).

(8) شیعەی دوازدە ئیمامی: یەکێکن لەگروپەکانی تایبەت بە مەزهەبی شیعە کە بڕوایان بە هەر 12 ئیمامی شیعەکە هەیە یەکەمیان عەلی کوڕی ئەبوتاڵیبە و دواهەمیان محەمەدی مەهدییە، کە بە بڕوای لایەنگرانی ئەو ڕێبازە لە ساڵی (161ک/ 875ز) ون بووەو لەڕۆژی کۆتایی هاتنی دونیادا دەگەڕێتەوە، بۆ زانیاری زیاتر لەبارە ئەو گروپە بڕوانە: (علی قفاری، 1994، ص 103 – 125)؛ سەبارەت بە بنەچەی سەفەوییەکان سەرباری ئەوەی ئەوان بەخۆیان خۆیان دەگەڕاندەوە بۆ سەر جەعفەری صادق ئیمامی شەشەمی شیعەکان، هەندێک لەمێژوونوسی تایبەت بە مێژووی سەفەوییەکان پێیان وایە کەوا ئەو بنەماڵەیە لەبنەڕەتدا کوردن و دەگەڕێنەوە بۆ کەسێک بەناوی فیرز شا زێڕین کڵاو لە سەدەی 11ز لە کوردستان کۆچی کردووە بۆ ناوچەی ئەردەبیل لەباکوری ئێران لەوێ زاراوەی ئازەریان وەرگرتوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (سیوری، ایران عصر صفوی، ص 1 – 17؛ جعفریان، 1388ش، ص 810 – 899).

(9) میری میران: فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی سەفەوی بوو، ئەم پێگەیەش لە سەرەتادا شا ئیسماعیلی یەکەم دای بە حوسێن بەگی شاملو، خاوەنی ئەو پێگەیە لەپاڵ سەرکردایەتی کردنی سوپا هاوکاتی دەسەڵاتێکی سیاسی بەهێزیشی هەبوو لە حکومەتی ناوەندی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هەریەک لە : (مینورسکی، 1387ش، ص 5؛ سیوری، تحقیقات درتاریخ...، ص 120 - 123).

(10) قورچی باشی - سەرۆکی پاسەوانان:- کە ئەو هێزانەش سووارە بوون، بۆ یەکەمجار ئەو پێگەیە لە ساڵی (1505 – 1506) لەلایەن شا ئیسماعیلی یەکەم دروستکراو درا بەیەکێک لە سەرۆکی قزلباشەکان، کوردەکانیش لە دەوڵەتی سەفەوی دەبوون بە بەشێک لەم هێزەیە و سەرۆک هۆزە کوردییەکانیش پێگەی قورچی باشیان پێ دەدرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (روملو، 1357ش، ص ؛ 118؛ سیوری، تحقیقات درتاریخ...، ص 123 – 124).

(11) وەزیر و سەدر: وەزیر بەمانای سەرۆک وەزیران دەهات لە دەوڵەتی سەفەوی، کە زیاتر ئەرکی ئەو لایەنی کارگێڕی بوو لەو وڵاتەدا، بەڵام بەهۆی هەبوونی پێگەکانی میری میران و قورچی باشی ئەم پۆستەیە گرنگییەکی ئەو تۆی نەبوو، زیاتر ئەم پۆستەیە لەلایەن فارسەکان بەڕێوە دەبرا، هەروەها سەدر بەرپرسی لایەنی ئاینی بوو لە دەوڵەتی سەفەوی پێگەی سەدر لە وەزیر بەرزتر بوو بەهۆی پێگەی شایەکانی سەفەوی، کە جگە لەوەی شای وڵات بوون هاوکات شێخی تەرقەتی سەفەویش بوون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (سیوری، تحقیقات درتاریخ...، ص 124 – 125؛ قمی، 1359ش، ج1، ص 151 - 152).

(12) قوللەر ئاغاسی – سەرۆکی هێزەکان: دەستەواژەیەکی تورکییە بەمانای خزمەتکاری شا دێت، دووەمین پۆستی بەرز بوو لە دەوڵەتی سەفەوی لەدوای ئیشەک ئاغاسی، لەلایەن شا عەبباسی یەکەم سوپایەک لە نەتەوەکانی گورجی و چەرکەسی دروستکرا، کە بە غوڵامەکانی شا ناسرابوون و بە سەرۆکەکەشیان دەگوترا قوللەر ئاغاسی، تا کۆتایی دەوڵەتی سەفەوی ئەو سوپایە بەردەوام بوو لە خزمەتکردن بەو وڵاتە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (مینورسکی، 1387ش، ص 7–8).

### 6- سەرچاوەکان:


یەکەم سەرچاوەی فارسی و وەرگێڕدراو بۆ فارسی:-

- اولئاریوس، آدم (1369ش)، سفرنامه آدم اولئاریوس، ترجمە: حسین کردبچە، جلد دوم، شرکت کتاب برای همه، تهران.
- بنانی، امین و دیگران (1380ش)، صفویان، ترجمە: یعقوب آژند، انتشارات مولی، تهران.
- پناهی سمنانی، محمد احمد (1371ش)، شاه اسماعیل صفوی مرشد سرخ کلاهان، انتشارات کتاب نموونە، تهران.
- ترکمان، اسکندر بیگ (1364ش)، تاریخ عالم ارای عباسی، بەکوشش: ایرج افشار، انتشارات امیر کبیر، تهران.
- جعفریان، رسول (1388ش)، تاریخ تشیع در ایران از آغاز تا طلوع دولت صفوی، چاپ سوم، نشر علم، تهران.
- حافظ نیا، محمدرضا و قلی زاده، علی ولی (1368ش)، دولت صفوی و هویت ایرانی، فصلنامه مطالعات ملی؛ 32، س8، ش4.
- خنجی، امیر حسین (بی تا)، تاریخ شاه اسماعیل صفوی ارمغان اوران تشیع، بی جا.
- ------------------------ (بی تا)، قزلباشان در ایران، نشر الکترونیک، وبگاه ایران تاریخ، بی جا.
- خواندمیر، امیر محمود (1370ش)، تاریخ شا اسماعیل و شا تهماسب، تصحیح: محمد علی جراح، نشر گستره، تهران.
- خواندمیر، غیاثالدین (1380ش)، حبیبالسیر فی اخبار افراد بشر، تصحیح محمد دبیرسیاقی، جلد ٤، انتشارات خیام، تهران.
- روملو، حسن بیگ (1357ش)، احسن التواریخ، بەکوشش: عبدالحسین نوایی، انتشارات بابک، تهران.
- رویمر، هانس روبرت (1353ش)، ایران در راه عصر جدید، ترجمە: آذر آهیچی، انتشارات دانشگاه تهران، تهران.
- سیوری، راجر م. (1389ش)، ایران عصر صفوی، ت: کامبیز عزیزی، چاپ نوزدهم، انتشارات شابک، تهران.
- ---------------، (1380ش)، درباب صفویان، ت: رمضان علی روح الهی، نشر مرکز، تهران.
- ---------------، تحقیقات درتاریخ ایران عصر صفوی، ت: عبسا غفاری فرد و محمد باقر ارام، انتشارات امیر کبیر، تهران، 1382ش .
- شرف الدین قزوینی، قاضی احمد (1359ش)، خلاصه التواریخ، تصحیح: احسان اشراقی، دانشگاه تهران، تهران، 1359ش.
- شکورزاده، میرزا (1373ش)، تاجیکان در مسیر تاریخ، انتشارات بین المللی الهدی، تهران.
- صفاکیش، حمید رضا (1390ش)، صفویان در گذرگاه تاریخ، انتشارات سخن، تهران.
- طباطبائی، محمدوحید (1365ش)، درباره لفظ فارس و تات، اینده (مجله) شماره 122، سال دوازدهم، تهران.
- طهرانی، ابوبکر (1977)، دیاربکریه یا تاریخ حسن بیک اق قوینلو واسلاف او، تصحیح: نجاتی لوغال و فاروق سومر، تهران، کتابخانه طهوری.
- عالم آرای صفوی، به کوشش: یدالله شکری، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، تهران، 1350ش.
- فلسفی، نصرالله (1347ش)، زندگانی شا عباس اول، جلد اول، چاپ چهارم، ، چاپخانه دانشگاه تهران، تهران.
- ک.س. خداوردیان، گ.خ. سارگسیان، ت..خ. هاکوبیان، تاریخ ارمنستان، ترجمە: ا.کرمانیک، چاپ دوم، تهران، 1360ش.
- کمبریج، پژوهش جمعی، تاریخ ایران دوره صفویان، ترجمە: یعقوب ئژند، نشر جامی، تهران ، ١٣٨0ش.

– گرانتوفسکی، ادوین آرویدوویچ _ م. آ. داندامایو _ گ. آ.کاشلنکو _ ایلیا پاولوویچ پگروشفسکی _ ل. ک.بلوی _ میخائیل ایوانف، سرگیویچ (1389ش)، تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ترجمه: کیخسرو کشاورزی، چاپ سوم، نشر مروارید، تهران.
– لا بی آر، الفرید (1369ش)، سلطان سلیمان خان قانونی و شا طهماسب صفوی، ترجمه: ذبیع الله منصوری، جلد اول و دوم، چاپ چهارم، انتشارات حیدری، تهران.
– م. مزاوی، میشیل (1363ش)، پیدایش دولت صفوی، ترجمه: یعقوب آژند، چاپ دوم، نشر گستره، تهران.
– ملکم، سر جان (1379ش)، تاریخ کامل ایران، ترجمه: میرزا اسماعیل حیرت، انتشارات افسون، تهران.
– مینورسکی، سازمان ادرای حکومت صفوی یا تعلیقات مینورسکی بر تذکرة الملوک، ترجمه: سید محمد دبیر سیاقی، انتشارات امیر کبیر، تهران، 1387ش.
– نصیری، میرزا علی نقی (1372ش)،القاب و مواجب دوره سلاطین صفویه، تصحیح دکتر یوسف رحیم لو، انتشارات دانشگاه فردوسی، مشهد.
– هرن، پاول (1314ش)، تاریخ مختصر ایران از اول اسلام تا انقراض زندیان، ترجمه: رضا شفیق زاده، نشریان کمسیون معارف، تهران.
– هینتس، والتر (1371ش)، شاه اسماعیل دوم صفوی، ترجمه: کیکاوس جهانداری، انتشارات فرهنگی و علمی، تهران.

**– دووەم بە زمانی عەرەبی:**

– بن علی قفاري، ناصر بن عبدالله (1994)، اصول المذهب الشيعة، المجلد الاول، الطبعة الثانيه، دون مكان الطبع.

**– سێیەم بە زمانی کوردی:**

– سادق، دلزار سالح و خدر، موسا محەمەد (2020)، شێخ عەلیخانی زەنگەنەو ڕۆڵی لەبەرەوپێشبردنی دەوڵەتی سەفەوی (1669 – 1689)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ 45.
– کریم، مصطفی محمد (2018)، لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی سیاسی دەوڵەتی سەفەوی (1501–1736)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

– چوارەم بە زمانی ئینگلیزی:

- A.J. Newman, Safavid Iran Rebirth of Persian Empire, New York, Tauris. 2006.
- Jean Aubin. La politiqurereligieuse des safavides. Paris: colleue de Strasbourg, 1970.

## الصراع العرقي على السلطة في البلاط الصفوي (1501 – 1722)

**دلزار صالح صادق**
قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين –
اربيل،أقليم كوردستان
**dlzar.sadiq@su.edu.krd**

**ملخص**

بعد قيام الدولة الصفوية (1501–1722)، والتي كانت دولة عسكرية شيعية متطرفة، شهدت إيران صراعًا عرقيًا شرسًا على السلطة، خاصة بين الاقوام التي دعمت السلالة الصفوية في تأسيس دولتها، من حيث العرق (الكردي، الفارسي، التركي، العربي) وعدة أمم أخرى، ولكن الصراعات وقعت أكثر بين (الفرس والأتراك)، لأن كل منهم رأى نفسه أكثر مستاهلا لقيادة مناصب الادارية والعسكرية في الدولة الصفوية، ومن ضمنهم الأتراك الذين كانوا يعتقدون انفسهم رجال السيوف، لقد لعبوا دورًا كبيرًا في تأسيس الدولة الصفوية، لذالك لابد من الملوك الصفوية أن يفي بوعودهم لكي يعطيهم معظم الناصب الحساسة في الدولة الصفوية كمكافأة لهم على تضحياتهم لانشاء الدولة.
ورغم أن الشاه إسماعيل الأول (1501–1524) مؤسس الدولة الصفوية، عهد إليهم في البداية بمعظم المناصب الحساسة في دولته، إلا أنه شعر بالتهديد من توسع القوة التركية على مستقبل الحكم الإيراني، وكانوا يطلق عليهم اسم الطاجيك و وكانوا معروفين برجال القلم. ورغم أن معظم الملوك الصفويين الآخرين اتبعوا نفس المسار بعد وفاة الشاه إسماعيل الأول، إلا أن عهد أي من الملوك لم ينته دون صراع بين الفرس والأتراك، ليصل الصراع إلى البلاط الصفوي، رغم أن الدولتين كانتا بعضهم البعض، ودعم كل منهم بقوة أحد أمراء الأسرة لتولي السلطة، وانعكس الصراع على جميع أنحاء البلاد، مما أدى في نهاية المطاف إلى إضعاف الدولة وانهارت في نهاية المطاف في
**الكلمات المفتاحية:** الدولة الصفوية، بلاط الشاه، الصراع العرقي، الأتراك، الفرس.

## National Conflict for Power at the Safavid Court (1501 – 1722)

**Delzar Salih Sadiq**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil,
Kurdistan Region, Iraq
dlzar.sadiq@su.edu.krd

**Abstract**

After the establishment of the Safavid state (1501-1722), which was a radical Shiite military state, Iran experienced a fierce ethnic struggle for power, especially among the nations that supported the Safavid dynasty in establishing their state , Christians, Jews and Zoroastrians), in terms of ethnicity (Kurdish, Persian, Turkish, Arab) and several other nations, but the conflicts occurred more between (Persians and Turks), because each of them saw itself more suitable The conflict was due to the fact that the Turks, known as the Men of the Sword, believed that they had played a major role in establishing the Safavid state, so they must have lost all the sensitive parts of the state as a reward for their sacrifices.
Although Shah Ismail I (1501-1524), the founder of the Safavid state, initially entrusted them with most of the sensitive positions of his state, he felt threatened by the expansion of Turkish power over the future of Iranian rule They were called Tajiks and were known as the men of the pen. Although most of the other Safavid kings followed the same path after the death of Shah Ismail I, the reign of none of the kings ended without conflict between Persians and Turks, so that the conflict had reached the Safavid court, despite the two nations They were each other, and each of them strongly supported one of the princes of the family to take power, the conflict reflected on all parts of the country, which eventually weakened the state and eventually collapsed in
**Keywords**: Safavid state, Shah's court, ethnic conflict, Turks, Persians.